
**Adil Hasan**
4h ·


( ئەنجومەنی سەرتاسەریی مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازیی ) و ( نەتەوەیەکگرتووەکان UN ) کۆبونەوە.

ئەمڕۆ دووشەممە ٥ / ٢ / ٢٠٢٤ وەفدێکی ئەنجومەنی سەرتاسەریی مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازیی لە شاری هەولێر لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبونەوە. لە کۆبونەوەکەدا باسی پێشلکارییەکان و سزاکانی دەسەڵاتداران دەرهەق بە مووچەخۆران بە گشتی و مامۆستایان بەتایبەتی کرا. هەرلە کۆبونەوەکەدا سکاڵایەکی ئەنجومەنی سەرتاسەریی مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازیی درایە نەتەوەیەکگرتووەکان.

دەقی سکاڵاکە لە یەکەم کۆمێنتە.

See Translation





هیوا رفعت, على حميد and 392 others · 68 comments

Like · Comment · Share

Most relevant

Write a comment…

Author
**Adil Hasan**

بۆ بەڕێز جینین بلاسخارت، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق
لە رێی نووسینگەی UNAMI لە هەولێر.
بابەت/ سکاڵا

سەرەڕای نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین، خزمەتگوزاریی سەرەتایی، شکاندنی شکۆی تاک و تاکڕەوی لەبڕیاردان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای زیاتر لە ١٤٠ ڕۆژ لە خۆپیشاندان و بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندن تا ئێستا وەڵامی داواکاریی مامۆستایانی نەداوەتەوە، کە ئەویش دابینکردنی مووچەیەکی شایستەیە لە کاتی خۆیدا و کەمترین پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بۆ دابینبکات. لە کاتێکدا جاڕنامەی نێودەوڵەتیی بۆ مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٩٤٨ هەموو حکومەتێکی پابەندکردووە، کە بژێوییەکی شایستە بۆ هاوڵاتییەکانی دەستەبەر بکات، تاوەکو ئازادبن لە بیرکردنەوە و بڕیاردان، تەنانەت ئەگەر بێکاریش بن.

ئەم قەیرانە نزیکەی ١٠ ساڵە بەردەوامە و لەو ماوەیەدا حکومەت ١٥ مانگ مووچەی تەواوی پاشەکەوت کردووە و ٤٤ مووچەشی بە لێبڕینەوە دابەشکردووە. واتە بە کۆی گشتی هەر مووچەخۆرێکی شارستانی نزیکەی ٣٦ مووچەی تەواوی فەوتاوە. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٦ەوە پلەبەرزکردنەوەشیان ڕاگرتووە. هەروەها ٣٥ هەزار مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو هەن، کە بە مووچەیەکی زۆر کەم کاردەکەن کە بەشی دابینکردنی لانی کەمی بژێوییەکی شایستە ناکات. بۆیە لە ئێستادا هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی ئابووریی سەختدا دەژین. ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دروستکردووە.

وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو ستەمکارییانە، مامۆستایان و فەرمانبەران، لەگەڵ چینوتوێژە جیاجیاکاندا، بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانییان، پەنایان بۆ چەندین ڕێگەی شارستانیی ناتوندوتیژ بردووە. بۆ نموونە ڕێکخستنی چەندین چالاکیی وەک گردبوونەوە، ڕێپێوان و خۆپیشاندان. لە هەمان کاتدا پێشکەشکردنی دەیەها داواکاری بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و کەسایەتییە حکومییەکان. بەڵام بەداخەوە نەک هیچ گوێگرتنێک و وەڵامدانەوەیەک نەبووە، بەڵکو دەسەڵات بەشێوەیەکی زۆر توند وەڵامی خۆپیشاندەرانی داوەتەوە. چەندین چالاکوانیان دەستگیرکردووە و ئازاریان داون. تەنانەت ژمارەیەکیشیان لێ شەهیدکردوون. چونکە لەکاتی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانەکاندا، بێ بەزەییانە و بێ دوو دڵی، تەقەیان لە چالاکوانە مەدەنییەکان کردووە. بۆیە تووشی بێ هیواییەکی گەورە بووین.

پاش ئەو هەموو ساڵە لە تێکۆشانی بەردەوام و قوربانیدان، ناچاربووین لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤ەوە بایکۆتی دەوام بکەین. لە ئێستادا دەرگای قوتابخانەکان و هەندێک لە فەرمانگە حکومییەکانی هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەڕین و شارۆچکەی کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر داخراون و چارەنووسی خوێندنی ساڵی ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ی ئەو ناوچانە مەترسیی لەناوچوونی لەسەرە.

دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لەبری چارەسەری ڕیشەیی بۆ ئەم قەیرانە، هەوڵ دەدەن بە فشار و هەڕەشە و سزادان دەیان هەزار مامۆستا و فەرمانبەر ناچار بکەن بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیش، کارپێکردنی زۆرەملێ جۆرێکە لە کۆیلایەتی مۆدێرن. ئەمەش زەوتکردنی بە بەرنامەی ئازادیی مرۆڤە و بە تاوان دادەنرێت. بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢ی کانوونی دووەمی وەک ڕۆژی جیهانیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە سەرانسەری جیهان دیاری کردووە. لە هەمان کاتدا ماددەی چوارەمی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتیی قەدەغە کردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی "Walk Free" کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی ئوستراڵییە و کاردەکات بۆ بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی کۆیلایەتی مۆدێرن لە سەرانسەری جیهاندا، کۆیلایەتیی بەڕێکەوت نییە، بەڵکو سیستماتیکە. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا هیچ هەنگاوێکی بەرچاویان نەناوە بۆ چارەسەری قەیرانە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان، بە قەیرانە داراییەکەشەوە.

بۆیە ئێمە ئەم سکاڵانامەیە وەک زەنگێکی ئاگادارکردنەوە ئاراستەی بەڕیزتان دەکەین. بە دەنگێکی بەرز داوای هاوکاری و فشاری نێودەوڵەتی دەکەین. ئیتر کاتییەتی کە هەموومان هەستینە سەر پێ و هەنگاو بنێین، و بەشداری بکەین لە چارەسەرێکی ڕیشەیی ئەم قەیرانە درێژخایەنە.

ئەنجوومەنی سەرتاسەریی مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازیی
٥/ ٢/ ٢٠٢٤

4h · Like · Reply · See translation · 54